# جارێکی ترشەڕو ئاشتی پەنجەکان

کەژاڵ ئیبراهیم خدر/قەڵادزێ
Kazhal_3@hotmail.com



1

لە نێوان پەنجە تەڕەکانی من و

پەنجەکانی ئەودا

پەنجەی ئەو بۆشایەدی تەحیاتو

هی منیش

بۆشعرو ئەڤین

2

خەوی پەنجەکانی ئەو

لەسەر شابەردی نوێژ،

یان بەرماڵی خودایە

هی من لەسەر پەڕەی سپی

یاروومەتی کچێك

3

پەنجە هەیە

لەدنیای ژیانی ئێمەدا

لەگەرووی مرۆڤ دەئاڵێو  دەیخنکێنێ

پەنجەش هەیە

پاروە نانێ ئەخاتە گەروی برسیەك و

مردنی لێ ئەستێنێ
4
پەنجەکانم لەپەنجەکانی ئەو ناچێ
پەنجەی ئەویش لەهی من ناکات
ئەوانەی ئەو دزی لەمن‌و
لەماڵی خواو لەژیان دەکەن
هی من پارێزەری ژن‌و
شعرو ژیانن
پەنجەکانی ئەو بکوژی خونچەیەو
جەلادی سەربڕینی کەنارین
هی من
فریشتەی باخچەکانی ئازادی‌و
کەناری سەردرەختەکانی ئەڤینن
5
پەنجەی کرێکارێك ووشك ووشك
نانێکی رەقی لەنێو دەستە
هی گەدایەك چارەنووسی ژیانی من‌و
کرێکارێك و برسیەکی
ئەوق کردووە
ئەوەی یەکەم خەون بەئاڵای نانەوە دەبینێ
تاتوند لەدەستەکانی بگرێ‌و
هی دووەم بیری لەخەزێنەی خوێن‌و
نانی منە
6

گەر پەنجە فریشەییەکانی تۆ

هێندەی پەنجەی شێخەکانی هەموو دنیا پیرۆز نەبێ

هێندەی خەونی منالێکی هەورامانم قەشەنگ نەبێ

وەك گوڵی سەر گڵکۆی شەهیدێك

بۆنی پڕ لەعەتری ئەوین نەبێ

رۆژی سێ جار

تەوقە ناکەم ،بۆنی ناکەم، ماچی ناکەم

7

پەنجەکانی مۆسیقارێك

ئاوازێك بۆرۆح دەژەنێ

پەنجەکانی نیگارکێشێك وێنەیەك بۆچاو ئەنەخشێنێ

پەنجەکانی هونەرمەندێك

هونەر بۆدڵمانو لەنێو دڵمان ئەچێنێ

ئاخ لەپەنجەی تیرۆرستێك

پەنجەی منو

پەنجەی مۆسیقارونیگارکێشو هونەرمەندێك ئەقرتێنێ

8

پەنجەکانی دیکتاتۆر

لەپەنجەکانی من ناچێ

هی ئەو لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگو

فڕۆکەو زرێپۆش

هی من لەسەر روپەرو، قەڵەم بەدەست

هی ئەو

میحنەتی هەڵەبجە چێ دەکاو

**دۆزەخی ئەنفال ئەخولْقێنێ**

**هی منیش شعرو زامی هەڵەبجەو**

**خەمی ئەنفال .**